# سزای نێوگۆڕ لە میزانی شەرع و عەقڵدا

نوسینی

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان



# سەلماندنی سزاو خۆشی ناو گۆڕ

بسم الله الرحمن الرحيم

"خۆشەویستان": لەو ڕۆژەوەی کەوا بەدیهێنەری مەزن مرۆڤی دروست کردووە، یاسایەکی ئیحتیمالی لەگەڵ داناوە کە ئەویش مردنە، لەبەرچی ئیحتیمالیە چونکە جگە لە خوای مەزن کە جێگیرو نەگۆڕە هیچ شتێك لەم گەردوونە حەتمی نیە، بەڵکوو گشتی ئیحتیمالیە، ئەکرێ ببێ و ئەشکرێ نەبێ، ئەمە پێچەوانەی زانا فیزیاییە مولحیدەکانە کە پێیان وایە ئەو یاسایانەی کە لەگەردووندا بوونی هەیە گشتی حەتمیەو نەگۆڕە، ئەمەش هەڵخلیسکانێکی ڕوون و ئاشکرایە لە دونیای خەیاڵ و ئەندێشەکانیان، بۆ نموونە هەرکاتێك ئاگر پەیدابوو ئەوە سوتانیشی لێوە پەیدا ئەبێت هەر لەزاتی خۆیدا ئەمە بە حیسابی مولحیدەکان کە ئەڵێن ئەمە جێگیرو نەگۆڕە، بەڵام هەروەکوو غەزالی و موتەکەللیمینە ئیسلامیە فەیلەسوفەکان ئەوە ئەسەلمێنن کەوا یاساکانی گەردوون جێگیرو نەگۆڕ نیە بەڵکوو گشتی ئیحتیمالیە، ئەکرێ ئەو ئاگرە نەتسووتێنێ هەروەك کە حەزرەتی ئیبراهیمی نەسوتاند، وە هەروەکوو ئەبو موسلیمی خەولانی نەسوتاند لەسەر دەمی ئیمامی عومەر کە لەیەمەن هاویشتیانە نێو ئاگرەوە، جا بۆیە مردنیش یەکێکە لەو یاسا گەردوونیە ئیحتیمالیانە کە ئەگەر خوای گەورە ویستی لەسەر بێت ناتمرێنێ، وە ئەگەر ویستیشی لەسەر بێت ئەتمرێنێ، ئەمەشم بۆیە ڕوونم کردەوە لەبەر ئەوەی نیتچەی مولحید گوتویەتی: "تۆ پێم بڵێ لە کوێوە هاتووم من پێت ئەڵێم بۆ کوێ ئەڕۆم"، جا خۆشەویستان بە پێی بیروباوەڕی ئاینەکان و فەیلەسوفە دیندارەکان و غەیرە

دینداره‌كانیش كه‌ پێیان وایه‌ ئێمه‌ له‌ نه‌بوونه‌وه‌ هاتووینه‌ته‌ وجوود، كه‌ له‌مه‌وپێشدا بوونمان نه‌بووه‌، به‌ڵام دوای مردن بونمان باقیه‌و هه‌میشیه‌ییه‌، وه‌ ڕاجیایش هه‌یه‌، فه‌یله‌سووفه‌ یۆنانیه‌كان و ئیبن و سیناو فاڕابی و جگه‌ له‌ ئیبن و ڕوشد نه‌بێت كه‌ پێیان وایه‌ لاشه‌ زیندوو نابێته‌وه‌، خۆشی و سزای ئه‌و كه‌سه‌ له‌و دونیا ته‌نیا ڕۆحیه‌، به‌ڵام قورئانی پیرۆز ته‌ئكیدی له‌سه‌ر حه‌شری جیسمانیه‌ت كردووه‌ته‌وه‌، وه‌ له‌وه‌ش ئاگاداری كردینه‌وه‌ ئه‌بێ بڕواشمان پێی هه‌بێت ئه‌گینا ئه‌چینه‌ نێو بازنه‌ی كوفره‌وه‌، وه‌ هه‌روه‌ها ئیمامی غه‌زالیش گورزێكی كوشنده‌ی له‌ خه‌یاڵه‌ ڕازاوه‌كانی ئه‌و فه‌یله‌سووفانه‌ داوه‌ له‌ كتێبه‌ به‌ناوبانگه‌كه‌ی (التهافت الفلاسفه)، وه‌ به‌به‌ڵگه‌ی عه‌قڵی سه‌دا سه‌د بۆیانی سه‌لماندووه‌، جا نیتچه‌ ئه‌یه‌وێ ئه‌وه‌مان پێمان پێ بڵێ كه‌وا ئێمه‌ له‌ نه‌بوونه‌وه‌ هاتووین و ئه‌چینه‌وه‌ نه‌بوونیش.

**جه‌سته‌و نه‌فس و ڕۆح و عه‌قڵ و دڵ**

ئه‌مانه‌ هه‌ر یه‌كه‌و پێناسه‌یه‌كی تایبه‌تی خۆیانیان هه‌یه‌ ئێمه‌ به‌درێژی له‌ كتێبی (ژیانه‌وه‌ی دڵی ئیمانداران كه‌ یه‌كێكه‌ له‌ دانراوه‌كانی خۆمان باسمان لێوه‌ كردووه‌) به‌ڵام لێره‌دا به‌كورتی تیشكێكی ئه‌خه‌ینه‌ سه‌ر.

جه‌سته‌: پێكهاتووه‌ له‌ لاشه‌یه‌كی بێ گیان كه‌ له‌ مادده‌ دروست بووه‌، وه‌ سێیه‌كی لاشه‌ش له‌ ئاو پێكهاتووه‌، وه‌ هه‌روه‌ها زۆربه‌ی پێكهاته‌كانی له‌ خاكه‌ وه‌كوو كاربۆن و كلۆرو كبریت و فۆسفۆڕ وكالسیۆم و ئاسن.. وه‌ غه‌یری ئه‌مانه‌ش، ئه‌مانه‌ له‌ پێشتردا بوونی نه‌بووه‌و به‌ په‌ره‌سه‌ندنیش پێ نه‌گه‌یشتووه‌

هەروەك داروینیەکان بەم جۆرە خەیاڵی بۆ ئەکەن، بەڵکوو بە دیهێنەری ئاسمانە کان و زەوی ئەوانی دروست کردووە.[١]

ڕووح:

ئەمرو نهێنیەکی گەورەی خواییە، کە لە جیهانی ئەمرەوە دەرهێنراوەو شێوەیەکی دەرەکی گونجاوی بەباڵای مرۆڤـ بۆ دروستکراوە لەلایەن خوای مەزنەوە، بۆیە لە ڕووی نهێنیەوە دروستکراو نیە، بەڵکوو نهێنیەکی خوای مەزنە واتە: ئێمە نازانین ماهیەت و چیەتی ڕۆح چیە واتە: (تەرکیباتی ئایا لە زەڕڕەیە یان فۆتۆن یاخود هەر شتێکی تر، یاخود هەر نیەتی)، بەڵام لە ڕووی ئەوەوە کە شێوەی بۆ دروستکراوە ئەمە دروستکراو مەخلقووقە، زاناکانی ئیسلامیش یەکدەنگن لەسەر دروستکراوێتی ڕووح. وە خوای گەورەش بۆیە ئەم کارە مەزنەی کرد تاوەکوو ئەو جەستە خاکیە بجوڵێنێتەوەو بیخاتە گەر، ئەوەش بزانە مرۆڤ ڕۆحی پێ بەخشراوە بەڵام گیاندارەکان و گژوگیاو زیندەوەرەکانی تر ئەمانە ژیانیان پێدراوە نەك ڕۆح ئەمانە لە ناوی (الحی) خوای گەورەوە بەهرەمەند بوونە، هەربۆیەش وا باشە لە کوردیدا بە مرۆڤ بگوترێت گیاندار وە بەبوونەوەرکانی تریش بگوترێت ژیاندار چونکە ئەمان ڕووحیان پێ نەدراوەو زانا لێکۆلەرەکانی ئیسلام لەوانە سعد الدینی تەفتازانی و مامۆستا سەعیدی نورسی لەم مەسئەلەیان کۆڵیوەتەوە، ئەم قسانەی سەرەوەشم دەربارەی ڕووح قسەکانی ئەو دوو زانا بەڕێزەن جگە لە وتەی مرۆڤ گیاندارەو زیندەورانیش ژیاندارن ئەمانە

---

[١] بڕوانە: &691.com/pdetails.php?id=7http://kaheel

وتەی ئەوان نین.[2] ئەمە بۆچوونی مامۆستا عەلی باپیرە کەوا مرۆڤ گیاندارەو ڕووحیان پێدراوەو ئەوەکانی تریش ژیاندارن، ئەمەش بۆچوونێکی زەعیفە، بەڵگەی ئەوان ئەو ئایەتانەیە کە خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿فَإِذَا سَوَّيْتُهُۥ وَنَفَخْتُ فِيهِ مِن رُّوحِى فَقَعُوا۟ لَهُۥ سَـٰجِدِينَ ﴿٧٢﴾﴾[3]، واتە: هەر کاتێك ئادەمم دروستکردو لەو ڕووحە تایبەتیەی کە ئامادەو دروستکرم کردووە بەبەر ئادەمدا کرد ئێوەش سوجدەی بۆ بەرن، وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿۞ إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلْحَبِّ وَٱلنَّوَىٰ ۖ يُخْرِجُ ٱلْحَىَّ مِنَ ٱلْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ ٱلْمَيِّتِ مِنَ ٱلْحَىِّ ۚ ﴿٩٥﴾﴾[4].

واتە: بەڕاستی هەر خوایە درز ئەکاتە ناوکە بەری دارو درەخت و تۆوی سەوزەوە، جا لەو درزەوە چەکەرە دەرئەچێ و ئەبێتە داروگیا کە ئادەمیزادو ژیانلەبەرانی پێ ئەژێ، وە هەر خودایە زیندوو لە مردوو دەرئەکات، دارو گیای سەوزو نەشونماکەر لە دڵۆپێ ئاوی بێ نەشونوما دروست ئەکات. وە هەروەها هەر خودایە کە دەرهاوەری ئاوە لە ئادەمیزادو ژیانلەبەران، وە دەرهاوەری دارو تۆوی گیایە لە داروگیای سەوز، ئا بەم جۆرە ڕێچکەی ژیان بە ویستی خوای گەورە پەیدا ئەبێت. وە لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموویێت:﴿وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾﴾[5]. واتە: هەموو شتێکی زیندوومان لە ئاو دروستکردووە، جا ئەلێرەدا گشتیە مرۆڤیش ئەگرێتەوە بەڵام بە ئایەتەکەی

---

[2] بڕوانە: (رسائل النور/ب الملاحق_الملحق بارلا/ل٥٩).

[3] سورة ص: ٧٢

[4] سورة الأنعام: ٩٥

[5] سورة الأنبياء: ٣٠

(ونفخت فيه من روحي) مرۆڤمان جیاکردەوە چونکە تایبەتمەندیەکی جیاوازی پێدراوە کە بە غەیری ئەو نەداروە. تێگەیشتنێك لەم ئایەتە: ئەگەر بێت و هەر زیندەورێکی زیندوو لە ئێستادا ئامادەی بکەیت جا لە هەر بارستەیەکدا بێت چ بچووك یاخود گەورە ئەوە لە ڕووی زانستیەوە سەلمێنراوە کەوا لە هەندێکیاندا لە ٪٦٠ بۆ ٪٦٥ ئاوی تیایە، هەندێکی تریشیان ئەگاتە ٪٧٠، ٪٧٥، ٪٩٠[٦]. وە سەبارەت بە خانەو چۆنیەتی دروست بوونی ئەوە بابەتێکی ترە. بەس ئەوەندە هەیە بیزانن کەوا خانە خوا نیە بەڵکوو بەندەیەکی فەرمانگوزاری خوای مەزنە، ئەو حەیات نابەخشێ بە زیندەوەران بەڵکوو ئەوە خوای مەزنە کە ئەو کارە ئەکات، وە کاتێکیش ئەو زیندەوەرانە کە ئەمرن پێیان ناگوترێ ڕۆحیان دەرچوو بەڵکوو نهێنی ژیان لە لاشەکانیان دەرچووەو هاتووەتە دەرەوە ئەبێ بگوترێت: (ژیانی دەرچوو یاخود ژیانی دا، نەك گیانی دەرچوو یاخود گیانی دا) جگە لە مرۆڤ تەنها بەو ئەگوترێت: گیانی دا[٧]. ئەمە بۆچوونی یەکەم.

بۆچوونی دووەم: کەوا پێیان وایە: نەفس و ڕووح یەك واتا ئەگەیەنێ.

یەکێ لەوانە حوججەتولئیسلام ئەبو حامید غەزالیە (قدس الله روحه)، کە دوای ئەوەی باسی عەقڵ و نەفس و دڵ و عەقڵی کردیە، لەسەرەتا ئەڵێ: "مانای ئەو لەفزانەی کە بەرامبەر یەکن لەسەر نەفسدا چوارن: نەفس و دڵ، ڕووح و عەقڵ.....، جا لە دوای پێناسەی هەر یەکێکیان لە کۆتاییەکە ئەفەرمووێ: ئێمە

---

[٦] بڕوانه: (والله خلق كلَّ دابَّة ماء) والعلم يقول/كل دابة على الأرض مكونة من ماء
http://www.eltwhed.com/vb/showthread

[٧] بڕوانه: http://www.bugnah.com/Articles.aspx?ID=٤٤

هەرکاتێ لەو کتێبەدا لەفزی نەفس و ڕووح و دڵ و عەقڵمان گوت ئەوە مەبەستمان پێی نەفسی مرۆڤێتیە کە مۆڵگەی مەعقولاتەکانە (ئەوانەی کە هۆش پەی پێ ئەبات یاخود عەقڵ پێ شکاوەکانە)"[٨].

وە پرسیار لە شێخمان ئیبن و حەجەری هەیتەمی کرا (ئایا فریشتەی گیان کێشان کە بە عزڕائیل مەشهوورە ڕووحی هەموو گیانداران ئەکێشێ؟ یاخود تەنیا ڕووحی ئادەمیزادەکان ئەکێشێ؟ وە ئایا شوێن و جێگەی ڕووح لە کوێ ئەبێ لە دوای کێشانی؟

ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: "فریشتەی گیان کێشان ڕووحی هەموو گیانداران ئەکێشێ بە ئادەمیزادەکان و غەیری ئەوانیشەوە بگرە، یەکێ لەو بەڵگانە وتەی عیزڕائیلە کە ئاڕاستەی پێغەمبەری کرد ـ صلی الله علیه وسلم، وە پێی فەرموو: (والله ئەی محمد ـ صلی الله علیه وسلم، ئەگەر ویستی کێشانی ڕووحی مێشوولەیەکم هەبێ ئەوە هیچ توانایەکم نیە بەسەر ئەو کارەدا هەتاوەکوو خوای گەورە فەرمان بەو کێشانە ئەکات). قورتوبی ئەفەرمووێ: "لەم هەواڵەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا فریشتەی گیان کێشان سپێردراوە بۆ گیان کێشانی هەموو خاوەن ڕووحێك، وە تەصەڕڕوفی لەسەر هەموویان بکاتن بە فەرمانی خوای گەورە عز وجل". وە یەکێکی تر لەو بەڵگانە هەواڵی شەوی ئیسڕایە کە لە ئیبن و عەباسەوە گێڕدراوەتەوە ڕەزای خوایا لێ بێ کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه

[٨] (معارج القدس في مدارج معرفة النفس)(ل١٥). لە کتێبی (إحياء علوم الدين) لەوێش ئەم پێناسانە ئەکات بۆ هەر چواریان، ئەتوانی سەیری پێناسەکان بکەی لەو کتێبەمان (ژیانەوەی دڵی ئیمانداران).

وسلم دەربارەی خۆی فەرمووىەتی: (گوتم: ئەی فریشتەی گیان کێشان چۆن ئەتوانی ئەو هەموو ڕووحانەی کە لەسەر زەویدان بە وشکایی و دەریادا بیانکێشی؟). وە ئەبو نوعەیـمیش لە سابیتی بونانیەوە گێڕاویەتیەوە کەوا ئەفەرمووێ: (شەو و ڕۆژ بیست و چوار کاژێرە، هیچ کاژێرێك نیە تیایدا کە بەسەر هەر خاوەن ڕووحێکا نەیێ ئیللا فریشتەی گیان کێشان لەسەری وەستاوە، ئەگەر فرمانی پێکرابێ بە کێشانی ئەوە ئەی کێشێ، ئەگینا ئەڕوا). دووبارە قورتوبی ئەفەرمووێ: "ئەمە گشتیە لە هەموو خاوەن ڕووحێکا، وە لەو کاتەی کەوا پرسیار لە ئیمامی مالیك کرا ڕەزای خوای لێ بێ دەربارەی کێچ و مێشوو مەگەز ئایا فریشتەی گیان کێشان ڕووحیان ئەکێشێ؟ سەری داگرت بۆ ماوەیەك، ئینجا فەرمووی: ئایا نەفسی نیە؟ گوترا بەڵێ، فەرمووی: فریشتەی گیان کێشان ڕووحیان ئەکێشێ: ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ حِينَ مَوۡتِهَا ﴾[9]، واتە: خوای گەورە گیانی هەموو مردوویەك وەرئەگرێتەوە لە کاتی مردنیا، ئیمامی مالیك ئاماژەی بەو ئایەتە کرد کەوا مەبەست بە وتەی ﴿ٱللَّهُ يَتَوَفَّى ٱلۡأَنفُسَ﴾ خوای گەورە فەرمان بە فریشتەی گیان کێشان ئەکات کەوا بیکێشێ هەروەکوو ڕوونی کردووەتەوە بەو وتەیەی خۆی ﴿تَوَفَّتۡهُ رُسُلُنَا ﴾[10]، ڕەسوولی ئێمە واتە: فریشتەکانی ئێمە ئەوانەی سەرپەرشتی گیان کێشان ئەکەن گیانی ئەکێشن، ئەمەش دژو ناکۆکی ئەو وتەیەی خوای گەورە ناکات کە ئەفەرمووێ: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ

[9] سورة الزمر: ٤٢

[10] سورة الأنعام: ٦١

﴿ﮮ﴾[11]، واته: مردنی ژیانی دروستکردووه. وه ئەو وتەیەشی: ﴿يُحۡيِۦ وَيُمِيتُۗ ﴾[12]، واته: ژییێنەرو مرێنەره. چونكه فریشتەی گیان كێشان ڕووحەكان ئەكێشیێ، وه (كەس و كاری ئەو كەسەش) كه یارمەتیدەری ئەون چارەسەری بۆ ئەكەن (بۆئەوەی بژیێ)، ئیتر خوای گەوره بەو جۆره ڕووح دەردێنیێ، وه بەهۆی ئەم بۆچوونەوه ئایەت و فریشتەكان كۆ ئەبنەوه. بێگومان كێشان دراوەته پاڵ فریشتەی گیان كێشان چونكه ڕاسپێردراوه بۆ ئەم كاره بەهۆی ناوەندو هۆكارەكان و ڕاستەوخۆوه، هەربۆیەش ئەدرێته پاڵی هەروەكوو دروستكردن دراوەته پاڵ فریشته له هەواڵی موسلیمدا له حوزەیفەوه گێڕدراوەتەوه كەوا ئەفەرمووێ: (گوێم له پێغەمبەری خوا بوو صلی الله علیه وسلم، ئەیفەرموو: كاتیێ چل و دوو ڕۆژان بەسەر نوتفەو ئاوی مرۆڤا تێپەڕ ئەبیێ خوای گەوره فریشتەیەك ئەنێریێ وێنەی ئەكێشیێ و بیستن و بینین و پیستەو گۆشت و ئێسكی دروست ئەكات).

وه ئیبن و ڕەجەبی حەنبەلیش باسی ئەوەی كردووه كەوا پێغەمبەران ـ علیهم الصلاة والسلام، ڕووحەكانیان له بەرزترینی بەرزاییەكانه، وه ئەو وتەیەی ـ صلی الله علیه وسلم، پشتگیری ئەوه ئەكات (اللهم الرفيق الأعلى)، خودایه هاوەڵایەتی تۆم ئەویێ له بەرزترینی جێگاو مەقامەكان، وه زۆرترینی زاناكانیش لەسەر ئەو بۆچوونەن كەوا ڕووحی شەهیدەكان لەناو باڵندە سەوزەكانن، كه چراو قەندیل به عەرشەوه هەڵواسراون، ئەسووڕێتەوەو خواردن و خۆراك ئەخوات له بەهەشتیێ هەتا خودا حەزی لێیه هەروەكوو له بوخاری و موسلیم و غەیری

[11] سورة الملك: ٢

[12] سورة آل عمران: ١٥٦

ئەویشدا هاتووە، بەڵام باقی ئیمانداران هەروەکوو دەقی وتەی شافیعیشی لەسەرە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێ کەوا ئەو کەسەی نەگاتە حەددی تەکلیف هەیانە لە بەهەشتە تا ئەوەندەی حەزیان لێیە دواتر ئەچنە لای هەڵواسراوەکانی عەرش، ئیبن و ئەبی حاتەم گێڕاویەتیەوە لە ئیبن و مەسعودەوە ڕەزای خوای لێ بێ کەوا ئەفەرمووێ: بەڵام ئەوانەی تەکلیفیان لەسەرە ڕاجیاییەکی زۆری تیایە، لە ئیمامی ئەحمەدەوە گێڕدراوەتەوە کەوا فەرموویەتی: "لە بەهەشتێنە". وە لە وەهبەوە گێڕدراوەتەوە کەوا فەرموویەتی: "لە جێگایەکن پێی ئەگوترێ: ماڵی سپی ، خانوو و کۆشکی سپی لە ئاسمانی حەوتەمە، وە لە موجاهیدەوەش گێڕدراوەتەوە کەوا فەرموویەتی: "لەسەر گۆڕەکانیان ئەبێ حەوت ڕۆژان لەو ڕۆژەوەی کەوا نێژراوە بەجێی ناهێڵێ، دواتر بەجێی دێڵێ، وە ئەمە دژایەتی سوننەت بوونی سەلام کردن لە گۆڕەکان ناکات چونکە مانای وانیە کەوا ڕووحەکان جێگیر بن لە شوێنی شاردنەوەکەیان بە بەردەوامی، چونکە کاتێ سەلام لە پێغەمبەران و شەهیدەکان ئەکات ڕووحەکانیان لە بەرزترینی بەرزاییەکانە بەڵام پەیوەندیەکی خێرایان هەیە بە جەستەکانیانەوە بێجگە لە خوا نازانرێ چۆنیەتیەکەی چۆنە، ئیبن و ئەبی دونیا لە ئیمامی مالیکەوە گێڕاو یەتیەوە کەوا فەرموویەتی: پێم گەیشتووە کەوا نێردراون، حەزیان لە کوێ بێ بۆ خۆیان ئەڕۆن). وە لە ئیبن و عومەریشەوە ڕەزای خوایان لێ بێ وێنەی ئەمەش گێڕدراوەتەوە. وە فەرموودەی (**ما من أحد يمر بقبر أخيه المؤمن كان يعرفه في الدنيا فيسلم عليه إلا عرفه ورد عليه السلام**). واتە: هەرکەسێ بە لای گۆڕێکی برای ئیمانداریدا بڕوات کە لە دونیادا ئەیناسی، جا سەلامی لێ کرد، ئیللا سەلامەکەی وەڵام دەداتەوە. وە فەرموودەی (الجريدتين) مانای وانیە کەوا ڕووح لەسەر گۆڕ بێ ئەو کەسەی کە

ئەیناسیٚ و بەلایا تیٚپەڕ ئەبیٚ، بەڵکوو ئەوەی بکریٚتە بەڵگە لەسەر ئەوە ئەو مردووە حەقیقەتیٚکی نەفسانی هەیە کە پەیوەندی بە ڕووحەوە هەیە واتە: بە یەك گەیەنراون، وە گوتراویشە ئەو مردووە سەردانی گۆڕەکەی ئەکات بە بەردەوامی، هەر بۆیەش سوننە سەردانی گۆڕەکان بکریٚت لە شەوی هەینی و ڕۆژەکەی، وە لەگەڵ بەیانی ڕۆژی شەممە، وتەکەی کۆتایی هات. وە ئیبن و عبد البر ئەوەی پەسند کردووە کەوا ڕووحی شەهیدەکان لەناو ساحەو خانووی گۆڕەکەیەتی، کویٚندەریٚی بوویٚ بۆ خۆی هاتووچۆ ئەکات. وە کۆمەڵیٚکیش لە زاناکان ئەفەرموون: ڕووحی ئیماندارەکان لە شویٚنیٚکی زەوی کۆئەبنەوە هەروەکوو لە ئیبن و عومەرەوە گیٚڕدراوەتەوە کەوا فەرموویەتی: (ڕووحی ئیماندارەکان لە جابیە کۆئەبنەوە، وە هەرچی ڕووحی کافرەکانیشە لە زەویەکی خویٚاوی حەزرەمەوتدا کۆئەبنەوەو پیٚی ئەگوتریٚ: بەرەهوت، هەربۆیەش لە هەواڵدا هاتووە: (**أبغض بقعة في الأرض واد بحضرموت، يقال له برهوت، فيه أرواح الكفار**)، واتە: ڕق لیٚکراوتین شویٚنیٚك لەسەر زەوی دۆڵیٚکە لە حەزرەمەوت، کە پیٚی ئەگوتریٚ: بەرەهووت، ڕووحی کافرەکانی تیایە. وە بیریٚکی ئاویٚی لیٚیە لە ڕۆژدا ڕەشە وەکوو کیٚم و جەراحەت وایە، کە ئاژەڵی دڕەندە دیٚنە لای ئەو ئاوە. سوفیانیش فەرموویەتی: پرسیارمان لە خەڵکی حەزرەمیەکان کردو گوتیان: هیچ کەسیٚك ناتوانیٚ لەشەودا لەو دۆڵە بمیٚنیٚتەوە، خوای گەورەش زاناترە"[١٣]، وتەکانی ئیبن و حەجەر کۆتایی هات.

[١٣] (فتاوى الحديثية)(ب١/ل٣/ذ٥) ط. دار الفكر

## چینەکانی نەفس (أصناف النفس)

١ـ نەفسی مرۆڤێتی

٢ـ نەفسی علوی کە فریشتەکانن

٣ـ نەفسی جنێتی

٤ـ نەفسی ئاژەڵێتی

٥ـ نەفسی ڕووەکێتی

٦ـ نەفسی بێ گیانەکان بەهەموو توخمەکانیانەوە بگرە.

ئەمانە مواصەفاتیان جیایە لە یەکتر، لە هەموویان بەرزتر نەفسی مرۆڤێتیە، وە لەسەرووی نەفسی فریشتەیشە، بەڵام جێگیریش نیە لە پلەی خۆی، داش ئەبەزێ بۆ حەددێك تا ئەگاتە نەفسی شەیتانی ئاژەڵێتی. بەڵگەش لەسەر ئەوە: پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم، لەشەوی ئیسراو میعراج گەیشتە شوێنێك جوبریل سەلامی خوای لەسەر بێت نەیتوانی لەوە زیاتر بچێتە سەرەوە، کەچی سەروەرمان بەسەر کەوت، ئەمەش مواصەفاتی نەفسی مرۆڤێتی زۆر لە هی فریشتە گەورەترەو قابیلیەتی بەرزبوونەوەی سەرووی فریشتەکانیشی هەیە، وە بەڵگەی دووەمیشمان قەبوولکردنی ئەو ئەمانەتەی کە پیشانی مرۆڤدرا لە کاتێکدا پیشانی ئاسمانەکان و زەوی و چیاکان درا قەبووڵیان نەکرد، ئەمەش خۆی بەڵگەیە لە قابیلیەتی جۆری مواصەفاتی نەفسی مرۆڤـ، بەڵگەی سێیەم: نەفسی مرۆڤ لە گۆڕانە، کەچی نەفسی فریشتە سابیتە، وە هی ئاژەڵ و ڕووەکەکان و بێ

گیانەکانیش سابیتن. وە بەبڕوای من بەرزترین ئاستی نەفسی جنی موسڵمان فریشتەییە هەرگیز ناتوانێ بگات بەهی مرۆڤـ چونکە سیستەمی وان زۆر جیاوازە لەگەڵ هی ئێمە، مرۆڤـ لە بەرزترینی خەڵق کراوە، وە بەڵگەشمان لەسەر نەفسی ڕووەکی و بێ گیانەکان، خوای گەورە لە چەندەها ئایەت باسی زیکرو تەسبیحاتی دارو بەردو چیاکانی کردووە، وە هیچ شتێکیش لەو گەردوونە نیە ئیللا تەسبیحاتی خوا ئەکات بەڵام ئێمە لێیان تێناگەین وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا سَخَّرْنَا ٱلْجِبَالَ مَعَهُۥ يُسَبِّحْنَ بِٱلْعَشِيِّ وَٱلْإِشْرَاقِ ۝١٨ وَٱلطَّيْرَ مَحْشُورَةً ۖ كُلٌّ لَّهُۥٓ أَوَّابٌ ۝١٩﴾[١٤]، واتە: ئێمە چیاکانمان بۆ داود ڕام کردبوو کە لەگەڵیدا تەسبیحاتی خوایان ئەکرد لە دەمەو ڕۆژهەڵات و ئێواران، وە باڵندەکانیش کۆئەبوونەوەو هەموویان گوێڕایەڵی ئەویان ئەکرد لە تەسبیحاتکردنەکەدا. ئیمامی بەغەوی ئەفەرمووێ: "تەسبیحاتیان ئەکرد بەهۆی تەسبیحکردنەکەی....، محشورة، واتە: خڕئەبوونەوە بۆئەوەی تەسبیحاتی لەگەڵ بکەن، أواب، واتە: گوێڕایەڵ و زۆری گەڕاوەیە بۆ گوێڕایەڵی کردنی لە تەسبیحاتدا، وە گوتراویشە: ئەووابە لەگەڵی واتە: تەسبیحکەرە"[١٥]. وە هەروەها ئەو ئایەتەش: ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَـٰوَٰتُ ٱلسَّبْعُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ ۚ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ وَلَـٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ۗ ۝٤٤﴾[١٦]. واتە: حەوت ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەیشی لە نێوانیاندایە هەموویان تەسبیحاتی خوا ئەکەن، وە هیچ

---

[١٤] سورة ص: ١٨ـ ١٩

[١٥] (تفسير البغوي)(ب٤/ل١٨٠٣) ط. إحياء التراث

[١٦] سورة الإسراء: ٤٤

شتێك نیه لەو وجووده ئیللا تەسبیحات و سوپاس و ستایشی خوا ئەكات بەڵام ئەوەندە هەیه ئێوه لە جۆری ئەو تەسبیحاتە تێناگەن.

وه هەروەها ئەو ئایەتەش: ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱلطَّيۡرُ صَٰٓفَّٰتٖۖ كُلّٞ قَدۡ عَلِمَ صَلَاتَهُۥ وَتَسۡبِيحَهُۥۗ ﴿٤١﴾﴾[17]، واته: ئایه نازانی كەوا هەرچی وا لە ئاسمانەكان و زەویدا هەیەو باڵندەو پەلەوەره ڕیز بەستووەكانیش بەهەواوه هەریەكە بەزمانی حاڵی خۆیان باسی پاكی و بێگەردی خوای پەروەردگار ئەكات، وه هەر خۆیشی بەو نوێژو تەسبیحات و پاكی و بێگەردیەی كە بۆ زاتی پاكی ئەو ئەیكەن ئاگاداره.

وه هەروەها ئەو ئایەتەش: ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَسۡجُدُ لَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ وَٱلنُّجُومُ وَٱلۡجِبَالُ وَٱلشَّجَرُ وَٱلدَّوَآبُّ وَكَثِيرٞ مِّنَ ٱلنَّاسِۖ ﴿١٨﴾﴾[18]، واته: ئایا نازانی هەرچی وا لە ئاسمانەكان و زەویدا هەیه سوژده بۆ خوا ئەبات هەتا خۆرو مانگ و دارو گیانلەبەران و زۆرێكیش لە خەڵكی.

وه چەندین ئایەتی تر لەوانه: لە ڕۆژی دوایی دەست و زمان و ئەندامەكان دێنه گوفتار شایەتی لەسەر كەسەكە ئەدەن، وه ئایەتی ئەو ئەمانەتەی كە پیشانی چیاو ئاسمانەكان و زەوی درا كەچی قەبووڵیان نەكرد، وه ئەو ئایەتەی كە باسی

[17] سورة النور: ٤١

[18] سورة الحج: ١٨

ترس و خەوفی بەرد ئەکات کە هی وایان هەیە لە ترسان لە بەرزاییەوە ئەکەوێتە خوارەوە یا ڕۆدەچێ. وە زۆرێکی تریش والله اعلم.

سەبارەت بە فەرموودەش ئەنەس ئەفەرمووێ: (چیای ئوحد لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بەدیارکەوت، ئەویش فەرمووی: ئەمە چیایەکە ئێمەی خۆش ئەوێ، وە ئێمەش ئەومان خۆش ئەوێ)[19] چیای ئوحد ئەوانی خۆش ئەوێ بەڵگەیە لەسەر نەفسیەتی ئەو بێ گیانە.

وە هەروەها خۆشەویست و سەردارمان ئەفەرمووێ: (من بەردێك ئەناسم لە مەککە بەر لەوەی ڕەوانە بکرێم بە پێغەمبەر سەلامی لێم ئەکرد)[20].

وە هەروەها لە ئەبو هورەیرەوەش گێڕدراوەتەوە کەوا (پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم، لەسەر چیای حیڕاء بوو، ئەبو بەکرو عومەرو عەلی و تەڵحەو زوبەیریشی لەگەڵ بوو، چیاکە لەرزی و جوڵایەوە، پێغەمبەری خواش ـ صلی الله علیه وسلم فەرمووی: ئارامبە هیچ کەسێك لەسەر تۆ نیە جگە لە پێغەمبەرو ڕاستگۆو شەهید نەبێ)[21]. چیاکە دامرکایەوە، وە چۆنیشی گوت هەروا دەچوو هەر پێنجیان شەهید بوون جگە لە ئیمامی ئەبو بەکر نەبێ ڕەزای خوایان لێ بێ

---

[19] موسلیم گێڕاویەتیەوە لە (صحیح المسلم)(ژ١٣٦٥).

[20] موسلیم گێڕاویەتیەوە لە (صحیح المسلم)(ژ٢٢٧٧).

[21] موسلیم گێڕاویەتیەوە لە (صحیح المسلم)(ژ١٣٦٥).

وە هەروەها فەرموودەی ئەبو هورەیرەش ئەو گورگەی کە قسەی لەگەڵ شوانەکە کرد، وە ئەو مانگایەش قسەی لەگەڵ خاوەنەکەی کرد[٢٢]. وە فەرموودەی دارەکە لە ناومزگەوت کە سەروەرمان لەلای وتاری ئەداو کاتێ مینبەریان بۆ دروستکرد لەلای دارەکە نەماو هاوەڵەکان گوێیان لەناڵەو گریان بوو، تا سەروەرمان چۆوە لای دارەکەو دەستی پێدا هێناو گریانەکەی نەما. وە چەندەها ڕووداوی تر.

**ئەمەوێ لێرە ڕەددی هەندێ کەس بدەمەوە کە بانگەشەی بیردۆزی پەرەسەندن ئەکەن.**

نەفسی هەموو مرۆڤەکان وەکوو یەك نیە بەڵکوو جیاوازن بەپێی کەسەکان، هەموو نەفسی مرۆڤەکان بۆ ئادەم و حەوا ئەگێڕێنەوە، حەواش بۆ ئادەم، ئادەمیش یەکەم قۆناغی خاك بووە، ئینجا بووەتە قوڕ ئینجا کە شێوەکەی دروستکراو وشك بۆوەو ئینجا ڕووحی بەبەردا کرا. جا هەرگیز مرۆڤ لە ئاستی پلەی نەفسیەتی خۆی بەرزتر نابێتەوە چونکە لەسەرووی فریشتەوەیە. بەڵام دروستیشە تەبعی مرۆڤ واتە: سروشتەکەی ببێتە تەبعێکی فریشتەیی یاخود ئاژەڵی یاخود شەیتانی، بۆ نموونە ساحیر ئەو سروشتەی کە شەیتانەکان هەیانە ئەو ئەیکات، وە ئەچێتە ناو بازنەی ئەوان، لە حەقیقەتدا خۆی هەر لەبازنەی مرۆڤێتیە هەرگیز پەرەی نەسندووە بەڵکوو تەنها تەبعەکەی بووەتە تەبعێکی شەیتانی. وە بۆ فریشتەش کە تەبعیان ببێتە مرۆڤ هیچ ڕیوایەتێکم نەبینیوە

[٢٢] موسليم طيَرِاويةتيتوة لة (صحيح المسلم)(ذ٣٦٦٣). وة (شرح النووي على الصحيح المسلم)(ب١٥/ل١٥٦).

جگە لە هەواڵێکی ئیسرائیلی نەبێت لە کتێبی (التوابین) ئیبن و قودامەی مەقدیسی کاتێ کە ئادەم خەڵق کرا فریشتەکان تێبینیان هەبوو لەسەری، ئەویش خوای گەورە دوو فریشتەی دابەزاندە سەرزەوی لەسەر سروشتی مرۆڤ، واتە: نەفسەکەیان هەر نەفسێکی فریشتەییە هەرگیز نابێتە هی مرۆڤ بەڵام جۆری تەبعەکەی ئەبێت جا کاتێ هاتنە سەرزەوی و دووچاری تاوان بوون تا کۆتایی باسەکە.

بۆ نموونە نەفسی مرۆڤ هەرگیز نابێتە نەفسێکی خاکی یان ڕووەکی، چونکە نەفسێکی تایبەتە لە نێو هەموو بوونەوەراندا.

جا وەك گوتمان مرۆڤ لە خاك دروستکراوە، ئەگەر بێت و بە تەدریجی بەشێوەی موعجیزە نەخولقابێ ئەو کاتە خاك بەردەوام لە مرۆڤ دروستکردندا ئەبوو، وە نەئەوەستا، هەروەکوو چۆن ڕووەکەکان و دارەکان ئەڕوێن بەبەردەوامی، چونکە تایبەتمەندی خۆی لە دەست نەئەدا، وەك هەندێ لەم سەردەمە بەناوی تەوفیق لە نێوان دین و داریۆنیزم ئەیانەوێ ئەم بۆچوونە بۆگەنە بکەنە عەقیدە لەسەر مێشك و دڵی خەڵکی، کە پێیان وایە، هێڵی دروستبوونی مرۆڤ خەتێکی ڕاستەو لەگەڵ گیانداران جیایە تا ئەگاتەوە مرۆڤی پێش ئادەمیش کە ئەوان جیابوونەو تا ئەگاتەوە ئەو مرۆڤانەی کە لەسەر دەست وەکوو مەیموون ڕۆیشتوون تا ئەگاتە خاك و ئەو زیندەوەرانەی کە لەنێو ئەوخاکەوە بووە، جا چ لە ڕێی ئاوەوە نەقڵ بووبون یاخود هەواوە. وە ئەوانیش بڕوایان بەوە هەیە کە خودا دروستی کردووە بەس بەو جۆرە نەك خاکی بهێنی و بیکەیە قوڕ، ئەوان ئەو جۆرە فیکرەیان پێ نازانستیە بگرە خوڕافیشیە. پەنا بەخوا. ئەمەش جگە لە گەوجاندنێك هیچ

زانستیەکی تێدانیە، چونکە وەك گوتمان گەر خاك ئەو تایبەتمەندیەی هەبایە مرۆڤ بەردەوام بەبێ لە دایکبوون لەخاك ئەهاتە دەرەوە بە پەرەسەندن بەدرێژایی مێژوو، وە ئەو پەرەسەندنەی مرۆڤیش نە ئەوەستا لە خاڵی خۆی بەڵکوو بەردەوام لەپەرەسەندندا ئەبوو، بەڵام وانیە، بەڵکوو خوای گەورە لە خاك نەخشەی بۆ کێشا کە نەفسێکی بێ گیانیەو هەرگیز پەرەسەندن ناکات تاوەکوو ببێتە نەفسێکی مرۆڤی، هەر بەبەڵگەکانی سەرەوە مرۆڤ کاتێ لەڕۆژی دوایی دەست و ئەندامەکانی شایەتی لەسەر ئەدەن ئەمە بەڵگەیە کە نەفسیەتی ئەوان هەرگیز نابێتە نەفسی مرۆڤێتی، جا دوای ئەوەی کە نەخشەی ئادەمی کێشا نەفسی مرۆڤێتی پێدا، ئینجا لە ئادەمەوە کائینی دووەم بەدیهات کە حەوایە، جا دەسەڵاتی خوا لێرە زیاتر دەرئەکەوێ، وەك چۆن حەزرەتی عیسا قوڕی هێنا دواتر شکڵی تەیرێکی لێ دروستکرد، ناوی خوای لەسەر هێناو فووی پیا کردو بووبە تەیر، خەڵقی ئەم جۆرە عەجایبترە لەو بەناودروستکردنەی ئەو بەناو زانستخوازانە ئەیڵێن. جا کە حەواش دروستبوو بوونە دوو نەفس، هەرگیز نەفسی حەوا وەکوو نەفسی ئادەم نەبووە، بۆیە تێکڕای نەوەکانیشیان نەفسیان لەیەکتری جودان، جا کاتێ مرۆڤ ئەمرێ پەیوەندیەك هەر ئەمێنێ لە نێوان نەفسە māddیەکە کە جەستەیە لەگەڵ نەفسە ڕووحیەکە، کاتێ لەگۆڕ ئەنرێ ئەو جەستە māddیە لەسەر ئەو پەیوەندیە بەردەوامە، بەڵام بێ گیانەو لە حاڵەتی نەفسی بێ گیانیدایە، جا کاتێ ئێسك و پروسکەکانیشی ئەپووکێتەوە māddە بێ گیانیەکەی لەگەڵ خاکە یەك ئەگرێتەوەو هەرئەمێنێ، وە لەڕووی زانستیشەوە ئێسکی عەجبوززەنەب هەر بەزیندوویی ئەمێنێتەوە کە لە پشتەوەی مرۆڤدایە، جا نەفسە خاکیەکە کە جەستەی مرۆڤ بووە هەرچەندەش پووکاوەتەوە پەیوەندیەکەی بە نەفسە

مرۆڤێتیەکەوە هەر ماوە وەك گوتمان لێرەوە یان لەحاڵەتی خۆشیدا ئەبێ یانیش ناخۆشی، وە ئەوەش بێنەوە زیهنت هەموو مرۆڤایەتی گەر ڤیدیۆیەك بێ لەبەر چاوت بەخێرایی بیگەڕێنەوە سەر ئادەم ئادەمیش لە خاك ئاواش لە ڕۆژی دوایی مرۆڤەکان ڕاستەوخۆ نەفسە بێ گیانیەکە کە خاکەکەیە وە هەمان جەستەی خۆیەتی بەپێچەوانەی هەندێ لە فەیلەسووف کە پێیان وانیە ئەو جەستەی خۆی بێ بەڵکوو جەستەیەکە هەر لەجەستەی خۆی ئەچێ ئەمما ئەوە ڕاست نیە، بەڵکوو هەمان جەستەیە چونکە پێکهاتەکەی لەگەڵ هەرئەمێنێتەوەو کۆئەکرێنەوەو دووبارە دروست ئەبن. وە سەبارەت بەو کەسانەش کە ئەسووتێن و خۆڵە مێشەکەیان بە ئاو و هەواو خاکدا بڵاو ئەبێتەوە، ئەمەش هەمان شتە هەموویان ماددەن ئەمیان لە دۆخی شلیە ئەمیان لە هەوایی وە ئەمەکەی تریشیان ڕەقی کە خاکیە، خوای گەورە ئەمانەش کۆئەکاتەوەو زۆر بەئاسانیش، یاخود مرۆڤێك مردو ئاژەڵ خواردی، ئەمەش هەمان تەفسیری بۆ ئەکرێ: کە ئەو مردووە ئەخواو گەدەی هەرسی ئەکات لە دەرەنجام ئەبێتە پاشەڕۆ، ئەو پاشەڕۆیەش وشك ئەبێتەوەو بە ڕۆیشتنی کات لەگەڵ خاکا یەکئەگرێتەوە. وە کەسێ لە ناو ئاویشا نقووم بێ و لە ژێرەوەی دەریادا نەیەتە دەرەوە گریمان ئەوە لە دەرەنجام جەستەکەی زیندەوەرانی نێو ئاو ئەیخۆن و ئەوانیش ئەیکەنەوە پاشەڕۆ. وە ئەگەر نەیشی خۆن هەر لە نێو ئاوەکەدا ئەپووکێتەوەو بە ڕۆیشتنی کات لەگەڵ ئاوو خاکەکەی ژێرەوەی دەریاکەدا یەك ئەگرێتەوە. لە هەموو ئەو حاڵەتانەشدا جەستەیەکی بەرزەخیان ئەبێ لە جیهانی بەرزەخدا کە پەیوەندیەکی بەو جەستە ماددیەوە ئەبێ بۆ سزاو خۆشی وەرگرتن. واللە اعلم

وە بۆ زیندووبوونەوەش جوانترین بەڵگە بۆ هۆشمەندەکان بەڵگەی بینینی وەرزی پایزو و بەهارە، کە چۆن ئەو گژوگیایانە وشك ئەبنەوەو ئەمرن لە نەفسی ڕووەکێتیەوە ئەبنە نەفسێکی بێ گیانی جەماداتی، دووبارە خوای گەورە لە بەهاردا زیندووی ئەکاتەوەو نەفسی ڕووەکی پێ ئەبەخشێتەوە. ئەمەش گەورەترین نیشانەی دەسەڵاتی خوایە کە ڕۆژێ دێ مرۆڤەکانیش ئاوا زیندوو ئەکاتەوە.

خۆشەویستان: خوای گەورە ئەو نەفسەی دروست کردووە کە جێگای حەزو ئارەزووەکان و ڕق لێ بوونەوەو خۆشەویستی و گشت شتەکانی ترە، جا ئەم شتانە ڕەنگ ئەداتەوە بە شێوەیەکی دیار لەسەر لاشەی ئەو کەسەدا، هەر بۆیەش مەرج نیە بەبێ لاشەش ئەم شتانەی بۆ حاصڵ نەبێ نەخێر بەس ئەوەندە هەیە گەر لاشە لە نەفسی مرۆڤێتی جیابۆوە ئیتر هەمان تام و چێژ و ناخۆشیەکان هەست پێ ئەکات بەڵام وەکوو ئەم دونیا نیە چونکە جیهانی بینراوی ئێمە لە ماددەیە شتەکانی ئێرە گرانن وەکوو جیهانی بەرزەخ نیە لەوێ شتەکان ناسکە، بۆیە بەپێی ئەو پەیوەندیەش کە بەجستەی فانیەوە هەیەتی جاری واش ئەبێت لاشەکەشی سزا درایە یاخود لە خۆشی دایە، هەروەکوو ئەوەی کە بۆ شەهیدەکان حاصڵ ئەبێت لەو بۆنە خۆشەی کە لە جەستەیانەوە دەرئەچێ، وە یاخود ئەو سزایەش کە بۆ کافرەکان و تاوانبارە ئیماندەرەکانیش حاصڵ ئەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جەستە ئەمرێت و ئەڕزێ جگە لە لاشەی پێغەمبەران و شەهیدەکان و پیاوچاکە هەرە مەزنەکان نەبێت کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە لاشەکانیان بڕزێنێت. جا وەك گوتمان مادام نەفس لە خودی خۆیدا داخوازی ئەم هەموو شتانە ئەکات ئیتر لە جیهانی بەرزەخیشدا ئەو داخوازیەی بۆ فەراهەم ئەبێت ئەمە چۆن یەعنی؟

وە کورتە وەڵامێکیش بۆ ئەو کەسانەی کە ئەڵێن ڕۆژی زیندووبوونەوە تەنها ڕۆحەو جەستە زیندوو نابێتەوە، ئەگەر ئەمە ڕاست بوایە هەر لەبنەڕەتدا خودا جەستەی ماددی دروست نەئەکرد بەڵکوو تەنیا ئەو ڕووحەی دروست ئەکردو دونیای ئەکردە جیهانێکی ڕووحانی، بەڵام من دەپرسم؟

ئەو کەسەی کە لەخەودا نانێکی خۆش ئەخوات بە حاڵەتی ڕووحی وەکوو ئەو کەسەیە کەوا نانێکی ماددی ئەخوات لە کاتی بێداریدا کە هەم جەستەی ماددی چێژی لێ وەرئەگرێ وە هەمیش ڕووحی؟

وە ئەو کەسەی کە لە خەودا جووت ئەبێ وەکوو ئەوە وایە کە مرۆڤ لەگەڵ خێزانی خۆیدا جووت ببێ لە کاتی بێداریدا؟ ئەوەی بڵێن هەمان شتە ئەوە زۆر گەلحۆیە، جا خودای گەورەش کاتێ مرۆڤی دروستکرد دیققەی تام و چێژەکانیشی بە مرۆڤ دا، بۆیە بەهەشت داخوازی جەستەو ڕووح ئەکات بۆ وەرگرتنی کەماڵی تام و چێژەکان چونکە ئەگەر بەس ڕووحانی بێ ئەوە تام و چێژەکەی لە کەماڵدا نابێ.

وە خوای گەورەش ئەو کەسانەی بە کافر داناوە کەوا بڕوایان بە حەشری جسمانیەت نیە.

**چارەنووسی ئاژەڵ و زیندەوەران.**

وە سەبارەت بە ئاژەڵان و زیندەوەرانی تر ئایا دوای مردنیان چارەنووسیان چی لێ بەسەر دێت خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمْثَالُكُم ۚ مَّا فَرَّطْنَا فِي ٱلْكِتَٰبِ مِن شَيْءٍ ۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمْ يُحْشَرُونَ ﴿٣٨﴾﴾ [٢٣] واتە: هەرچی گیانلەبەر هەیە کە بەسەر زەویا ئەڕوات، وە هەرچی باڵندەیەکیش کە بەهۆی باڵەکانیانەوە ئەفڕن و بوونیان هەیە لەسەر زەوی ئەوە گشتیان وەکوو ئێوەی ئادەمیزاد چەند دەستەو ئوممەتێکن وەکوو ئێوە ئەخۆن و ئەخۆنەوەو ئەمرن، جا ئێمە هیچ شتێکمان لە (لەوحولمەحفوزدا) بەجێ نەهێشتووە بەڵکوو قەدەری گشت بوونەوەرانمان تێیدا تۆمارکردووە، جا دوای مردنیشیان گشتیان لای خوای گەورە کۆئەکرێنەوە، جا هەرچی حەقی حەقدارە لە ستەمکارو زۆردار ئەستێنرێتەوە، تەنانەت تۆڵەی حەیوانی بێ شاخیش لە شاخدار وەرئەگیرێتەوە. جا ئیبن و عەباس ئەفەرمووێت: "هەموو شتێك حەشر ئەکرێت هەتا مێشوولەش".

وە هەروەها لەسەر حەشری ئاژەڵانیش خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿وَإِذَا ٱلْوُحُوشُ حُشِرَتْ ﴿٥﴾﴾[٢٤]. واتە: لەوکاتەی کە لە ڕۆژی دواییدا ئاژەڵە کێویەکانیش بە هەموو جۆرەکانیەوە حەشریان ئەکەین و کۆیان ئەکەینەوە.

---

[٢٣] سورة الأنعام: ٣٨.

[٢٤] سورة التكوير: ٥

وه هەروەها لە چەند فارمیشتێکیشدا هاتووە: **عن أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ لَتُؤَدُّنَّ الْحُقُوقَ إِلَى أَهْلِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُقَادَ لِلشَّاةِ الْجَلْحَاءِ مِنْ الشَّاةِ الْقَرْنَاءِ)**[٢٥]، واتە: لە ئەبو هورەیرەوە ڕەزای خوای لێ بێ گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ئەفەرمووێت: "ئێوە هەموو ئەو حەق و مافانەی کە بەسەرتانەوەیە لە دونیا لە ڕۆژی دوایدا گشتی ئەدەنەوە خاوەنەکانیان هەتا حەقی بزنی بێ شاخ لە بزنی شاخداریش وەرئەگیرێتەوە.

وه هەروەها ئەم ڕیوایەتەش هاتووە: (**عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: يقتص الخلق بعضهم من بعض حتى الجماء من القرناء، وحتى الذَّرة من الذَّرة**)[٢٦] لە ڕۆژی دوایدا هەموو خاوەن حەقەکان حەقی خۆیان لە یەکتری وەرئەگرنەوە هەتا حەیوانی بێ شاخیش لە حەیوانی شاخدار وەرئەگرێتەوە وە هەتا زەڕڕەش حەقی خۆی لە زەڕڕە تر وەرئەگرێتەوە.

وه هەروەها ئەو ڕیوایەتەش هاتووە: **عن أبي هريرة أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال**: (**إن الله يحشر الخلق كلهم، كل دابة وطائر وإنسان، يقول للبهائم والطير**: كونوا ترابا، **فعند ذلك يقول الكافر**: ﴿يَـٰلَيۡتَنِي كُنتُ تُرَٰبَۢا

---

[٢٥] ئیمامی موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٤٦٧٩) ڕیوایەتی کردووە.

[٢٦] ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ب٢/ل٣٦٣/ژ٨٧٤١) ڕیوایەتی کردووە، وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ژ١٩٦٧).

﴿﴾[27] سورة النبأ آية ٤٠. واتە: خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا هەموو بوونەوەران و ئاژەڵان و باڵندەکان و مرۆڤەکان حەشر ئەکات، هەتا بە ئاژەڵەکان و باڵندەکان ئەگوترێ: ببنە خاك، ئیتر لەوکاتەدا کەسی کافر ئەڵێ: (خۆزگە منیش ئەبووم بەخاك).

مانای ئەو فەرموودانە وایە: گەورەیی دادی خوامان بۆ بە دیارئەکەوێ کە چەندە پێداگرە بۆ وەرگرتنەوەی حەق و مافی بوونەوەرانی، جا خۆشەویستەکەم هەتا پێت ئەکرێ لە دونیا ئەگەر حەق و مافی کەسێکت لەسەرەو ستەمت لێ کردووە جا جۆری ستەمەکەش با غەیبەتێکیش بێت ئەوە بڕۆ حەقەکەی بدەرەوەو گەردەنی خۆتی پێ ئازا بکە ئەگینا ئەبێ لە ڕۆژی دوایی کردەوە چاکەکانی خۆتی بدەیتێ. هەر چەندە حەیوانات تەکلیفیان لێ نەکراوە بۆ عیبادەت بەڵام حەقە دونیایەکەیان لێ وەرئەگیرێتەوە ئەگەر ستەمیان لە بێ هێزێك کردبێت، لە وانەشە بە ئەندازەی حەقەکە سزا بدرێت. بەڵام زاناکانیش ڕاجیاییان هەیە لەسەر ئەم بابەتە، ئیمامی غەزالی و کۆمەڵێك لەزاناکان پێیان وایە نەخێر ئەمانە تەکلیفیان لەسەر نیە، وە ئەوەی لە فەرموودەکانیش هاتووە وەکوو کینایەو مەجاز بەکارهێنراوە کە بەڵگەی گەورەیی دادی خوای گەورە دەرئەخات کەوا هیچ کەسێك ستەمی لێ ناکرێت، جا دوای زیندووبوونەوەشیان لە ڕۆژی دوایی ئیتر خوای گەورە پێیان ئەڵێ هەمووتان ببنە خاك (هەر ئەم ڕایەش پەسند ترە لە ڕووی شەرع و عەقڵەوە). وە کۆمەڵێکی تریش لە زاناکان لەوانە مەلا عەلی قاری کە پێیان وایە ڕووکەشی ئایەت و فەرموودەکان چۆن هاتووە هەر بەم جۆرە وەری ئەگرین، شێخ عەلی قاری ئەفەرموێت: "ئەگەر بگوترێت بزن تەکلیفی لەسەر نیە

---

[27] ئیبن و جەریری تەبەری لە (تفسير الطبري)(ب٢٤/ل١٨٠) ڕیوایەتی کردووە، وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ژ١٩٦٦).

(کە هەرچی بکات) ئەی چۆن حەقی لێ وەرئەگیرێتەوە؟ ئێمەش ئەڵێین: خوای گەورە هەرچیەکی بووێ ئەیکات، وە پرسیاریشی لێ ناکرێت لەسەر کاروکردەوەکانی، مەبەست بەمە ئاگادارکردنەوەیە کەوا حەق و مافەکان نافەوتێت، بەڵکوو حەقی ستەم لێکراو لە ستەمکار وەرئەگیرێتەوە، جا ئەمە ڕوویەکی باشە، وە ئاڕاستەکردنێکی چاکیشە، جا گوزارشت کردنی حیکمەتەکەی بە مەستێکەوە ئەوە کەوتووەتە غەیری جێگای خۆی، وە خولاسەی بابەتەکە ئەوەیە کەوا ئەو کێشەیە بەڵگەیە بەشێوەیەکی موبالەغە لەسەر کەماڵی دادی خوای گەورە لە نێو داوا لێککراوەکان (مکلفین)، جا ئەگەر ئەمە حاڵی ئاژەڵان بەم جۆرە بێت کە لەدەرەوەی تەکلیف لێکراوانن ئەی ئەبێ حاڵی خاوەن ژیریەکان و بێ ڕێزو شەریفەکان و بەهێزو بێ هێزەکان چۆن بێت"[28]. بەڵام پرسیارێك ئایا دوای مردنیان وەکوو مرۆڤـ لە جیهانی بەرزەخ ئەمێننەوە تا قیامەت دادێ یاخود نا؟ بەڵگەیەکی ڕوونم لەسەر ئەم پرسیارە نەدۆزیتەوە بەس پێم وایە ئەمانیش جیهانێکی تایبەت بەخۆیان هەیەو لەو شوێنەدا کۆئەکرێنەوە، چونکە ئەوانیش لە نەفسێکی ئاژەڵی وە لەگەڵ نەفسێکی بێ گیانی لەخاك پێکاهاتوون. والله اعلم

---

[28] (المرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح)(ب٤/ل٧٦١). هەروەها بڕوانە: (المبحث الثالث: الاقتصاص للبهائم بعضها من بعض).
https://dorar.net/aqadia/ ٢٦٢٥

## سزاو خۆشی نێو گۆڕ بەپێی دەقە شەرعیەکان

خۆشەویستان خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرمووێت:﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى غَمَرَٰتِ ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ۖ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾ وَلَقَدْ جِئْتُمُونَا فُرَٰدَىٰ كَمَا خَلَقْنَٰكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَتَرَكْتُم مَّا خَوَّلْنَٰكُمْ وَرَآءَ ظُهُورِكُمْ ۖ وَمَا نَرَىٰ مَعَكُمْ شُفَعَآءَكُمُ ٱلَّذِينَ زَعَمْتُمْ أَنَّهُمْ فِيكُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ ۚ لَقَد تَّقَطَّعَ بَيْنَكُمْ وَضَلَّ عَنكُم مَّا كُنتُمْ تَزْعُمُونَ ﴿٩٤﴾﴾[29]، واتە: خۆزگە ئەو ستەمکارانەت ئەدی لە کاتی غەرغەرەی سەرەمەرگدا کە قورسایی مەرگ سەرو دڵیان ئەگرێت و مەلائیکە گیانکێشەکانیش دەستیان ڕائەکێشن و بە زۆرو ئازار گیانیان دەرئەکێشێن و پێیان ئەڵێن: دە گیانەکەتان دەرکەن و بماندەنێ، ئەمڕۆ تۆڵەیان لێ ئەسێنرێتەوەو سزاو سووکی و بێ نرخیتان ئەکرێ بە قورگا، چونکە لە کاتی زیندووییدا قسەی ناڕەواتان بە دەم خواوە هەڵئەبەست و لووتتان لە ئایەتەکانی هەڵئەکردو باوەڕتان پێ نە ئەکردن.

وە هەروەها لە ئایەتێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذْ يَتَوَفَّى ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۙ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَضْرِبُونَ وُجُوهَهُمْ وَأَدْبَٰرَهُمْ وَذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿٥٠﴾ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٥١﴾﴾[30]،

---

[29] سورة سورة الأنعام: ٩٣ـ٩٤

[30] سورة (سورة الأنفال: ٥٠ـ٥١

واتە: خۆزگە چاوتان لێ ئەبوو چۆن فریشتەکان کە گیانی کافرەکان ئەکێشن، لە دەم و چاوو لە پشتیان ئەدەن و پێیان ئەڵێن: ئەوە دەردتان بێ، دە سزای ئاگر بچێژن، ئەمەش ئەنجام و جەزای ئەو کردەوە ناشیرینانەیە کە کاتی خۆی کردتانن. خودا هەرگیز ستەم لە بەندەکانی خۆی ناکات.

وە هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿فَلَوۡلَآ إِذَا بَلَغَتِ ٱلۡحُلۡقُومَ ۝٨٣ وَأَنتُمۡ حِينَئِذٖ تَنظُرُونَ ۝٨٤ وَنَحۡنُ أَقۡرَبُ إِلَيۡهِ مِنكُمۡ وَلَٰكِن لَّا تُبۡصِرُونَ ۝٨٥ فَلَوۡلَآ إِن كُنتُمۡ غَيۡرَ مَدِينِينَ ۝٨٦ تَرۡجِعُونَهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ۝٨٧ فَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡمُقَرَّبِينَ ۝٨٨ فَرَوۡحٞ وَرَيۡحَانٞ وَجَنَّتُ نَعِيمٖ ۝٨٩ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡيَمِينِ ۝٩٠ فَسَلَٰمٞ لَّكَ مِنۡ أَصۡحَٰبِ ٱلۡيَمِينِ ۝٩١ وَأَمَّآ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡمُكَذِّبِينَ ٱلضَّآلِّينَ ۝٩٢ فَنُزُلٞ مِّنۡ حَمِيمٖ ۝٩٣ وَتَصۡلِيَةُ جَحِيمٍ ۝٩٤﴾[٣١]، واتە: دەی بۆچی لەوکاتەدا کە گیانی نەخۆشی حاڵی سەرەمەرگ ئەگاتە قوڕگی و ئەوەندەی نەماوە دەرچێ، ئێوەش لەوکاتەدا بەدەوری کابرادان سەیر ئەکەن وا خەریکە گیانی دەرئەچێ، ئێمەش لەوکاتەدا لە ئێوە نزیکترین لە کابرای حاڵی سەرەمەرگەوە، بەڵام ئێوە چاوتان لێی نیە، بۆ ئێوە ئەگەر لە ژێر دەسەڵاتی خوادا نین و ئینکار کردنەکەیتان ڕاست و بەجێیە ئەی بۆچی گیانی کابرای حاڵی سەرەمەرگ ناگێڕنەوە بۆ جێی خۆی و مەنعی مردنی لێ ناکەن و چاکی ناکەنەوە، ئەگەر ڕاست ئەکەن؟ بەڵام وانیە کە ئێوە بانگەشەی بۆ ئەکەن و نەخۆشی حاڵی سەرەمەرگ ئەو جارە بێ یان جارێکی تر بێ، هەر ئەمرێ، جا کە مرد ئەگەر لەوانەبوو کە بە کرداری چاکی دونیایان لە

---

[٣١] سورة الواقعة: ٨٣ـ٩٤

خواوه نزیکن، ئەوه ئەنجامی حەسانەوەو ڕزق و ڕۆز پاك و خۆش و بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەته، وه ئەگەریش لەوانە بێ کە دەفتەری کردارییان ئەدرێته دەستی ڕاستیان ئەوه پێی ئەگوترێ: ئەی ئەو کەسەی دەفتەری کردارت دراوەته دەستی ڕاستت سەلامی خوات لێ بێ لە هەموو ئەو برادەرانەتەوه کە دەفتەری کردارییان دراوەته دەستی ڕاستیان، خۆ ئەگەر لەوانەیش بێ کە خواو پێغەمبەران و قورئان و ڕۆژی دواییان بە درۆ ئەخەنەوەو بە درۆیان دائەنێن و ڕێی ڕاستیان ون کردووه ئەوه خۆراکی بۆ ئامادەکراوی پێشوازی لێ کردنی ئاوی کوڵ بەکوڵە، وه لەگەڵ فڕێدانە ناو ئاگری دۆزەخەوه.

وه هەروەها ئەفەرموویێت: ﴿وَلَا تَقُولُواْ لِمَن يُقۡتَلُ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتُۢۚ بَلۡ أَحۡيَآءٞ وَلَٰكِن لَّا تَشۡعُرُونَ ١٥٤﴾[٣٢]، واته: ئەوانەی لە ڕێگای خوادا ئەکوژرێن پێیان مەڵێن مردوو، بەڵکوو ئەمانە زیندوون، بەڵام ئێوه هەستی پێ ناکەن و نایزانن.

وه هەروەها ئەفەرموویێت: ﴿وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمۡوَٰتَۢاۚ بَلۡ أَحۡيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمۡ يُرۡزَقُونَ ١٦٩ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضۡلِهِۦ وَيَسۡتَبۡشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمۡ يَلۡحَقُواْ بِهِم مِّنۡ خَلۡفِهِمۡ أَلَّا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ١٧٠ ۞ يَسۡتَبۡشِرُونَ بِنِعۡمَةٖ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضۡلٖ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجۡرَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٧١﴾[٣٣]. واته: ئەوانەی لە ڕێگای خوادا کوژراون هەرگیز وا مەزانن مردوون، نەخێر" ئەوانە

---

[٣٢] سورة البقرة: ١٥٤

[٣٣] سورة آل عمران: ١٦٩ـ١٧١

زیندوون و لای خودا ڕۆزیان ئەدرێتێ، وە هەروەها شادومانن بەو بەش و بەهرەی خودا بە لوتف و گەورەیی خۆی پێی بەخشیون، خۆش وەخت و شادومانن بە حاڵی ئەو موسڵمانە ساغانەی کە لە دوایان ماون و ئەزانن ئەوانیش پاداشتیان جوان و پایەیان گەورە ئەبێ و هیچ ترس و ناخۆشیان لەسەر نابێ و لە سێبەری لوتفی خوادا ئەحەسێنەوەو بە پاداشتی ڕەوای خۆیان ئەگەن.

وە هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلۡمَوۡتُ قَالَ رَبِّ ٱرۡجِعُونِ ۝٩٩ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ يَوۡمِ يُبۡعَثُونَ ۝١٠٠﴾[٣٤]، واتە: هەر کام لەو کافرانە هەر لەسەر ئەم پێودانە ئەڕوا تا کاتێ کە مەرگ لە پڕ دێتە سەر یەکێکیان پەشیمان ئەبێتەوە لە کردارو گوفتاری بەدی خۆی و ئەڵێ خوایە بمگێڕەوە بۆ ژیان، بە هیوای ئەوەی کردەوەیەکی چاك بکەم لەگەڵ ئەو باوەڕەدا کە کاتی خۆی تەرکم کردبوو، واتە: باوەڕ بەخوای تەنیاو بێ هاوبەش بکەم و کردەوەی چاکیش لەگەڵ باوەڕەکەم بکەم، نەخێر ئەمە نابێ و ئەم قسەیەی ئێستە ئەیکا قسەیەکی ڕووتە ئەیڵێ و بە دەمیا دێ و بەڕاستی نیەو ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ژیان هەر لەسەر پێودانەکەی جارانی ئەڕوا، جا ئەمانە جیهانێکی بەرزەخی نێوان مەرگ و زیندووکردنەوەیان لە پێشە تا ئەو ڕۆژەی لە قیامەتا زیندوو ئەکرێنەوە درێژە ئەکێشێ.

وە هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُواْۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ ۝٤٥ ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗاۖ وَيَوۡمَ تَقُومُ

34 سورة المؤمنون: ٩٩-١٠٠

ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٦﴾»[35]، واتە: خوای گەورە موسا پێغەمبەری لەو فڕوفێڵانە پاراست کە بۆیان سازکردبوون و سزای بەدو ناهەمواریش دەورو گەمارۆی دەستەو دائیرەی فیرعەونی دا، سزا بەدو ناهەموارەکەش ئاگری دۆزەخە کە بەیانی و ئێوارە ئەبرێنە سەیرو تەماشای و گوزەریان پێ ئەکرێ بەلایاو کە ڕۆژی قیامەتیش دێ فەرمان لای خواوە دێ کەوا دەستەو دائیرەی فیرعەون بخەنە ناو سەخترین سزاوە. واتە فیرعەون و دارو دەستەکەی کە مردن یەکسەر سزا دران لەناو جیهانی بەزرەخ وە بەردوامیشە تا ڕۆژی قیامەت زیندوو ئەبنەوە، ئینجا لەدوای زیندووبوونەوەش هەر سزا ئەدرێن بەڵکوو ئەمجارە سزاکەیان زۆر ناسۆرو خراپترەوە.

وە هەروەها ئەفەرمووێت: «مِّمَّا خَطِيٓـَٔـٰتِهِمۡ أُغۡرِقُواْ فَأُدۡخِلُواْ نَارٗا فَلَمۡ يَجِدُواْ لَهُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ أَنصَارٗا ﴿٢٥﴾»[36] واتە: جا ئەم قەومی نوحە بەهۆی تاوانەکانیانەوە لە تۆفانا نوقم کران و خنکێندران و لە وێوە خرانە ناو ئاگری دۆزەخەوەو هیچ یارمەتیدەرێکیان دەستگیر نەبوو لە ناو ئەو بتانەدا کە ئەیانپەرستن و خوایان نە ئەپەرست.

---

[35] سورة الغافر: ٤٥ـ٥٦

[36] سورة نوح: ٤٥

**دەقەکانی فەرموودەش:**

(عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: الْقَبْرُ إِمَّا رَوْضَةٌ مِنْ رِيَاضِ الْجَنَّةِ اَوْ حُفْرَةٌ مِنْ حُفَرِ النَّار)[٣٧]، واتە: لە ئەبو

[٣٧] حەسەنە. ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٤٦٠) لە ئەبو سەعیدی خودریەوە. وە تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ژ٨٦٠٨) لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. جا ترمذی ئەفەرمووێت:"فەرموودەیەکی غەریبە"، وە ئەلبانیش لە ڕیوایەتەکەی ترمذی ئەفەرمووێت: زۆر زەعیفە"، بڕوانە: (ضعيف الترغيب والترهيب)(ژ١٩٤٤). هۆکاری زەعیفی ڕیوایەتەکە ترمذی لەبەر ئەوەیە (عەطییەی کوڕی سەعدی عەوفی قەیسی تێدایە کە نەسائی و ئەبو زورعەو ئەحمەد و ئیبن و حیببان و ئەبو داود و ئەبوبەکری بەززار و ساجی بە زەعیفیان داناوە، وە دەوریش لە ئیبن و مەعینەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا فەرموویەتی: "چاکە"، وە لە وتەیەکی تری ئەبو زورعەشدا هاتووە ئەو بە (لیِّن)نەرمی داناوە، جا لەکۆتاییەکەیدا ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: جێگای متمانەیە إن شاء الله، وە فەرموودەی چاکیشی هەیە، وە لە نێو خەڵکیشدا کەسانێك هەن نایکەنە بەڵگە"، وە عبيد الله کوڕی وەلیدیشی تێدایە کە ئیبن و مەعین و ئەبو زورعەو ئەبو حاتەم و حاکم و ئیبن و حیببان و ئیبن و عەدی و غەیری ئەمانەش بە زەعیفیان داناوە"، بڕوانە: (التهذيب التهذيب للحافظ إبن حجر العسقلاني)(ب٧/ل٢٢٤) طبعة دائرة المعارف النظامية ـ هند. (التهذيب التهذيب للحافظ إبن حجر العسقلاني)(ب٣/ل٣٠) طبعة مؤسسة الرسالة.. وە سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی تەبەڕانیش ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێت: تەبەڕانی لە (الأوسط) ڕیوایەتی کردووەو محمدی کوڕی ئەیوبی کوڕی سوەیدی تێدایە زەعیفە". بڕوانە: (المجمع الزوائد ومنع الفوائد)(ب٣/ل٤٦) طبعة دار الكتب العربي. بەڵام ئیبن و حبان لە کتێبی متمانە پێککراوەکان هێناویەتی و ئەفەرمووێت: "شەیخە"، بڕوانە: (الثقات لإبن حبان)(ب٥/ل٣٦٣) طبعة دار المعارف العثمانية. ئەو ناوەش لای زاناکانی فەرموودە ڕاجیایی هەیە لەسەر پێناساندنەکەی، کە مانای تەجریح و تەعدیل دێت یان متمانەو فەرموودەی قەبووڵە، وە لەبەر ئەوەش هەندێك ئەو ناوەیان لێناوە چونکە تەنیا یەك فەرموودە یان دوو فەرموودەیان گێڕاوەتەوە. ئیمامی زەرکەشی ئەفەرمووێت: "حافیزی جمال الدینی مززی فەرموویەتی:

هوڕەیرەوە ڕەزای خوای لێ بێ گێڕدراوەتەوە کەوا سەروەرمان فەرمووی: گۆڕ یان باغێکە لە باغەکانی بەهەشت یانیش چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ.

(عَنْ هَانِئٍ، مَوْلَى عُثْمَانَ، قَالَ: "كَانَ عُثْمَانُ بْنُ عَفَّانَ إِذَا وَقَفَ عَلَى قَبْرٍ يَبْكِي حَتَّى يَبُلَّ لِحْيَتَهُ ، فَقِيلَ لَهُ: تَذْكُرُ الْجَنَّةَ وَالنَّارَ، وَلَا تَبْكِي، وَتَبْكِي مِنْ هَذَا؟ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ: ( إِنَّ الْقَبْرَ أَوَّلُ مَنَازِلِ الْآخِرَةِ، فَإِنْ نَجَا مِنْهُ، فَمَا بَعْدَهُ أَيْسَرُ مِنْهُ، وَإِنْ لَمْ يَنْجُ مِنْهُ، فَمَا بَعْدَهُ أَشَدُّ مِنْهُ) قَالَ: وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: (مَا رَأَيْتُ مَنْظَرًا قَطٍّ إِلاَّ وَالْقَبْرُ أَفْظَعُ مِنْهُ)[38]. واتە: لە هانیئی غوڵامی عوسمانەوە گێڕدراوەتەوە کە فەرموویەتی:

---

(مەبەست بە وتەی شەیخ لای فەرموودەناسەکان ئەوەیە ئەو فەرموودەیەی کە ئەو کەسە ئەیگێڕێتەوە وازی لێ ناهێنرێت، وە فەرموودەکەشی ناکرێتە بەڵگە بەجێگری)". بڕوانە: (النكت على مقدمة إبن صلاح)(ب٣/ل٤٣٤). بوخاریش لەسەر ئەم پیاوە بێ دەنگە بڕوانە: (تاريخ الكبير)(ب١/ل٣٠/ذ٤١) طبعة دار المعارف العثمانية. وە حافیزی سەخاوی هەر دوو ڕیوایەتی بە زەعیف داناوە بڕوانە: (المقاصد الحسنه)(ب١/ل٤٨٤/ژ٧٥٨) طبعة دار الكتب العربي. وە ئیمامی زەڕقانیش بە زەعیفی داناوە، بڕوانە: (مختصر المقاصد الحسنه)(ب١/ل١٦٦/ژ٧٠٣) طبعة المكتب الإسلامي. جا بەپێی متمانەپێکردنەکەی ئیبن و حیببان ڕیوایەتەکەی تەبەڕانی حەسەنە، وە ئیمامی سیوطیش ڕیوایەتەکەی ترمذی بە حەسەن داناوە، بڕوانە: (فيض القدير شرح جامع الصغير للحافظ المناوي)(ب٢/١٦٧/ژ١٥٩٨).

[38] حەسەن و صەحیحە. ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٣٠٨). وە ئبىن و ماجە لە (سنن إبن ماجة)(ژ٤٢٦٧). وە أحمد لە (مسند أحمد)(ژ٤٥٤). وە حاکم لە (مستدرك حاكم)(ژ٧٩٤٢). ڕیوایەتیان کردووە. ترمذي ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی حەسەنە. وە حاکمیش بە صەحیحی داناوەو زەهەبیش موافیقە لەسەری. وە ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە لە کتێبی (صحيح الترمذي).

هەرکاتێك عوسمانی کوڕی عەففان لە سەر گۆڕێك بوەستابایە ئەوە ئەگریا هەتا ڕیشی خۆی تەڕ ئەکرد، ئیتر پێی ئەگوترا: بیر لە بەهەشت و دۆزەخ ئەکەیتەوە ناگریت، کەچی بۆ ئەمە ئەگریت؟ ئەویش ئەیفەرموو: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەفەرمووێت: "گۆڕ یەکەم مەنزڵگای دوارۆژە، هەر بۆیە ئەگەر بێت و ڕزگاری ببێت ئەوە قۆناغی دوای گۆر ئاسانترە (کە مەبەستی ڕۆژی دواییە)، وە ئەگەر خوانەخواستە ڕزگاری نەبێت ئەوە قۆناغی دوای گۆڕ زۆر بۆی سەخت ئەبیٚ.

**عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ: "إِنَّ العَبْدَ إِذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ وَتَوَلَّى عَنْهُ أَصْحَابُهُ، وَإِنَّهُ لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ، أَتَاهُ مَلَكَانِ فَيُقْعِدَانِهِ، فَيَقُولَانِ: مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ لِمُحَمَّدٍ صلى الله عليه وسلم، فَأَمَّا المُؤْمِنُ، فَيَقُولُ: أَشْهَدُ أَنَّهُ عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ، فَيُقَالُ لَهُ: انْظُرْ إِلَى مَقْعَدِكَ مِنَ النَّارِ قَدْ أَبْدَلَكَ اللَّهُ بِهِ مَقْعَدًا مِنَ الجَنَّةِ، فَيَرَاهُمَا جَمِيعًا" – قَالَ قَتَادَةُ: وَذُكِرَ لَنَا: أَنَّهُ يُفْسَحُ لَهُ فِي قَبْرِهِ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَى حَدِيثِ أَنَسٍ – قَالَ: "وَأَمَّا الْمُنَافِقُ وَالْكَافِرُ فَيُقَالُ لَهُ: مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ؟ فَيَقُولُ: لَا أَدْرِي كُنْتُ أَقُولُ مَا يَقُولُ النَّاسُ، فَيُقَالُ: لَا دَرَيْتَ وَلَا تَلَيْتَ، وَيُضْرَبُ بِمَطَارِقَ مِنْ حَدِيدٍ ضَرْبَةً، فَيَصِيحُ صَيْحَةً يَسْمَعُهَا مَنْ يَلِيهِ غَيْرَ الثَّقَلَيْنِ)[٣٩].**

واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ڕەزای خوای لیٚ بێت) گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئەفەرمووێت: کاتیٚ بەندە خرایە نێو گۆڕیەوە وە هاوەڵ و خزمانیشی بەجێیان هێشت ئیتر لەوکاتەدا مردووەکە

[٣٩] کۆکن لەسەری. بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ١٣٧٤). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٨٧٠) ڕیوایەتیان کردووە.

گوێبیستی دەنگی نەعلەکانیان ئەبێ، ئینجا دوای ئەمە دوو فریشتە دێن و دایئەنیشێنن و پێی ئەڵێن: چی دەربارەی ئەو پیاوە ئەڵێی کە محمدە (صلى الله عليه وسلم)؟ ئیتر کەسەکە ئەگەر ئیماندار بێت ئەڵێ: شایەتی ئەدەم کەوا محمد بەندەو پێغەمبەری خوایە (صلى الله عليه وسلم). ئینجا پێی ئەگوترێ: سەیری شوێنی خۆت بکە لە نێو ئاگر ئەوە خوای گەورە بۆتی گۆڕی و کردیە بەهەشت بۆت، هەربۆیەش هەموویان سەیری ئەکەن و ئەیبینن ـ جا قەتادە فەرمووی: وە باسی ئەوەش کرا بۆ ئێمە کەوا گۆڕەکەی بۆ فراوان ئەبێت، پاشان گەڕایەوە بۆ فەرموودەی ئەنەس و فەرمووی: وە هەرچی مونافیق و بێ باوەڕە ئەوە پێی ئەگوترێ: چی دەربارەی ئەو پیاوە ئەڵێی کە محمدە (صلى الله عليه وسلم)؟ ئەویش ئەڵێ: نایزانم ئەوەم ئەگوت کە خەڵکی ئەیان گوت (واتە: ئەوی بە درۆ ئەخستەوە وەکوو قسەی بێ باوەڕەکانی تر کە وەك تووتی ئاسا لاسایی یەکتری ئەکەنەوە)، لە دەرەنجام فریشتەکانیش پێی ئەڵێن: دەك نەیزانیت و نەیلێیت (ئەم قسەیە وەکوو سەرزەنشت کردن و ئیهانە وایە بۆی)، ئینجا بە لێدەرێکی ئاسنی وەکوو چەکوش لێی ئەدرێت ئیتر ئەویش هاوارێك ئەکات بەهۆی ئیش و ئازاری ئەو لێدانەوە هەموو بوونەوەرێك گوێبیستی ئەبن جگە لە ئادەمیزادو جنۆکە نەبێ (کە بیستنیان پەردەپۆشکراوە، جا ئەم پەردەپۆشکردنە حوکمەکەی بۆ خەڵکیە بەگشتی بەڵام کەسە تایبەتیەکان وەکوو وەلیەکان ئەگەر خوا حەز بکات نیشانیان ئەدات و گوێبیستی ئەبن).

**وَعَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ رضي الله عنه قَالَ: بَيْنَمَا النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم فِي حَائِطٍ لِبَنِي النَّجَّارِ، عَلَى بَغْلَةٍ لَهُ وَنَحْنُ مَعَهُ، إِذْ حَادَتْ بِهِ فَكَادَتْ تُلْقِيهِ، وَإِذَا**

بِأَقْبُرٍ سِتَّةٍ أَوْ خَمْسَةٍ أَوْ أَرْبَعَةٍ، فَقَالَ: "مَنْ يَعْرِفُ أَصْحَابَ هَذِهِ الأَقْبُرِ؟" فَقَالَ رَجُلٌ: أَنَا، قَالَ: "فَمَتَى مَاتَ هَؤُلَاءِ؟" قَالَ: مَاتُوا فِي الإِشْرَاكِ، فَقَالَ: "إِنَّ هَذِهِ الأُمَّةَ تُبْتَلَى فِي قُبُورِهَا، فَلَوْلَا أَنْ لَا تَدَافَنُوا، لَدَعَوْتُ اللهَ أَنْ يُسْمِعَكُمْ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ الَّذِي أَسْمَعُ مِنْهُ" ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ، فَقَالَ: "تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ عَذَابِ النَّارِ" قَالُوا: نَعُوذُ بِاللهِ مِنْ عَذَابِ النَّارِ، فَقَالَ: "تَعَوَّذُوا بِاللهِ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ" قَالُوا: نَعُوذُ بِاللهِ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ)[٤٠]. واته: له زەیدی کوڕی سابیتەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) لەوکاتەی کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە لای دیوارێکی قەومی ڕۆڵەی نەججار بوو لەسەر هێسترەکەی ئێمەش لەگەڵی بووین، جا خەریك بوو هێسترەکە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بکەوێنێت و فڕێی بدات لەسەر پشتی، چونکە لەوێ گۆڕی شەش یان پێنج یان چوار کەسی لێ بوو (زەید لە ژمارەی کەسەکان گومانی هەیە)، جا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: کێ خاوەنی ئەم گۆڕانە ئەناسێ؟ پیاوێکیش گوتی: من، حەزرەتیش فەرمووی: کەی ئەمانە مردوون؟ پیاوەکەش گوتی: لە کاتی بێ باوەڕیدا مردوون، حەزرەتیش فەرمووی: ئەم ئوممەتە تاقی ئەکرێتەوە لە نێو گۆڕەکانیان، بۆیە ئەگەر بێت و نەتان ئەشاردەوە ئەوە داوام لە پەروەردگار ئەکرد کەوا ئێوەش گوێبیستی بن هەروەکوو چۆن من گوێبیستی ئەبم، پاشان حەزرەت ڕووی لە ئێمە کردو فەرمووی: خۆتان بەخوای گەورە بپارێزن لە سزای نێو گۆڕ،

---

[٤٠] موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٨٦٧). ڕیوایەتی کردووە.

ئەوانیش گوتیان: پەنا ئەگرین بە خوای گەورە لە سزای نێو گۆڕ، دووبارە حەزرەت هەمان شتی پێیان فەرموو ئەوانیش هەمان شتیان دووبارە کردەوە.

**وَعَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم قَالَ: "إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا مَاتَ عُرِضَ عَلَيْهِ مَقْعَدُهُ بِالغَدَاةِ وَالعَشِيِّ، إِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ فَمِنْ أَهْلِ الجَنَّةِ، وَإِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ فَمِنْ أَهْلِ النَّارِ، فَيُقَالُ: هَذَا مَقْعَدُكَ حَتَّى يَبْعَثَكَ اللهُ يَوْمَ القِيَامَةِ**"[٤١]. واتە: لە عبد الله کوڕی عومەرەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەفەرمووێت: هەر یەکێك لە ئێوە کە وەفات ئەکات ئەوە لە بەیانیان و ئێواران لە نێو گۆڕەکەیدا شوێنی خۆی پێ نیشان ئەدەن، جا ئەگەر لە بەهەشتیان بێت ئەوە بەهەشتیەو ئەچێتە بەهەشت لە دوای زیندووبوونەوە، وە ئەگەر لە دۆزەخیانیش بێت ئەوە جێگای دۆزەخ ئەبێت هەروەکوو پێی نیشاندراوە، ئیتر لەوکاتەیا پێی ئەگوترێ: ئەمە شوێنەکە هەتاوەکوو خوای گەورە زیندووت ئەکاتەوە لە ڕۆژی دوایی.

**وَعَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنه، (أَنَّ يَهُودِيَّةً دَخَلَتْ عَلَيْهَا، فَذَكَرَتْ عَذَابَ القَبْرِ، فَقَالَتْ لَهَا: أَعَاذَكِ اللهُ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ، فَسَأَلَتْ عَائِشَةُ رضي الله عنه رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم عَنْ عَذَابِ القَـبْرِ، فَقَالَتْ: "نَعَمْ، عَذَابُ القَبْرِ" قَالَتْ عَائِشَةُ: فَمَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ صلى الله عليه وسلم بَعْدُ صَلَّى صَلَاةً إِلَّا**

---

41 کۆکن لەسەری. بوخاری لە (صحيح البخاری)(ژ١٣٧٩). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٨٦٦) ڕیوایەتیان کردووە.

**تَعَوَّذَ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ، وَفِي رِوَايَةٍ: "عَذَابُ القَبْرِ حَقٌّ)**[٤٢]. واته: دایکی ئیمانداران عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) گێڕدراوەتەوە کەوا ئافرەتێکی جوولەکە هاتە لای و ئەویش باسی سزای گۆڕی بۆ کردو پێی فەرموو: پەنا بگرە بەخوای گەورە لە سزای نێو گۆڕ، ئەویش پرسیاری لە عائیشە کرد دەربارەی سزای نێو گۆڕ، عائیشەش فەرمووی: بەڵێ سزای گۆڕ، پێغەمبەری خوام نەبینیوە ـ صلی الله علیه وسلم، لە دوای هیچ نوێژێکا ئیللا پەنای بەخوای گەورە گرتووە لە سزای نێو گۆڕ، وە لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: سزای نێو گۆڕ حەق و ڕاستە.

**وَعَنِ البَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ، عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الأَنْصَارِيِّ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَ: (خَرَجَ رَسُولُ اللهِ صلى الله عليه وسلم بَعْدَمَا غَرُبَتِ الشَّمْسُ، فَسَمِعَ صَوْتًا، فَقَالَ: "يَهُودُ تُعَذَّبُ فِي قُبُورِهَا)**[٤٣]. واته: لە بەڕڕائی کوڕی عازەبەوە ئەویش لە ئەبو ئەییوبی ئەنسارییەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) گێڕدراوەتەوە کەوا ئەفەرمووێ: پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیه وسلم) دوای ئەوەی کە ڕۆژ ئاوابوو لە (ماڵ دەرچوو یاخود لە مزگەوت) دەرچوو، ئەوەبوو گوێبیستی دەنگێك بوو و فەرمووی: ئەوە جوولەکەیەکە سزا ئەدرێت لە نێو گۆڕەکەیدا.

**وَعَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قَالَ: مَرَّ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم عَلَى قَبْرَيْنِ فَقَالَ: "إِنَّهُمَا لَيُعَذَّبَانِ وَمَا يُعَذَّبَانِ مِنْ كَبِيرٍ" ثُمَّ قَالَ: "بَلَى، أَمَّا أَحَدُهُمَا**

---

[٤٢] بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ١٣٧٣) ڕیوایەتی کردووە.

[٤٣] کۆکن لەسەری. بوخاری لە (صحيح البخاري)(ژ١٣٧٥). وە موسلیم لە (صحيح المسلم)(ژ٢٨٦٩) ڕیوایەتیان کردووە.

**فَكَانَ يَسْعَى بِالنَّمِيمَةِ، وَأَمَّا أَحَدُهُمَا فَكَانَ لَا يَسْتَتِرُ مِنْ بَوْلِهِ" قَالَ: ثُمَّ أَخَذَ عُودًا رَطِبًا، فَكَسَرَهُ بِاثْنَتَيْنِ، ثُمَّ غَرَزَ كُلَّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا عَلَى قَبْرٍ، ثُمَّ قَالَ: "لَعَلَّهُ يُخَفَّفُ عَنْهُمَا مَا لَمْ يَيْبَسَا)**[٤٤]. واتە: لە ئیبن و عەباسەوە (ڕەزای خوایان لێ بێت) گێڕدراوەتەوە کەوا ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بە لای گۆڕی دوو کەسدا تێپەڕی و فەرمووی: ئەم دووانە سزا ئەدرێن وە سزاکەشیان بەهۆی تاوانە گەورەکانیش نیە، پاشان فەرمووی: بەڵێ، یەکێکیان تێئەکۆشا بۆ ئەوەی نێوان خەڵکی تێك بدات، وە ئەوەکەی تریش خۆی پاك ڕانەئەگرت لە کاتی میزکردندا، پاشان چیلکە دارێکی تەڕی هێناو کردیە دوو لەت و لەسەر گۆڕی هەردووکیانی چاند، پاشان فەرمووی: بەو ئومێدەی سزاکەیان لەسەر سووك بکرێتەوە تاوەکوو ئەوکاتەی هەر دوو چیلکە دارەکە وشك ئەبێتەوە.

44 کۆکن لەسەری. بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ١٣٧٨). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٩٢) ڕیوایەتیان کردووە.

**سزای نێو گۆڕ لە ڕووی زانستی دڵەوە**

قاعیدەیەك هەیە هەروەك زۆربەی زاناكان فەرموویانە: (كُلُّ مَا جَازَ أَنْ يَكُونَ مُعْجِزَةٌ لِنَبِيّ جَازَ أَنْ يَكُونَ كَرامَةً لِوَلِيٍ)[٤٥]، واتە: (ئەكرێ هەموو ئەو شتانەی كە دروستە ببنە موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەرێك: دروستەو ئەكرێ ببێتە كەڕامەتێك بۆ وەلیەك. جا لە نێو ئەو ئوممەتەدا هەزارەها خەڵكی دڵ پڕئیمان لە ئەولیاكانی خوا حەقیقەتی ئەو سزای نێو گۆڕەیان بە چاوی سەرو دڵ بینیوەو هەمان ئەو بڕیارەیە كە خواو پێغەمبەرەكەی صلی الله علیه وسلم لەبارەیان داوەو هیچ شەكو گومانێكی تێدا نیە، هەر یەكێ لەوانە هاوەڵی خۆشەویستی خۆم مامۆستا نەوزاد ڕۆژێكیان بۆی باس كردم كەوا سەردانی گۆڕستانی كردبوو، خوای گەورە مردووەكی پێ نیشاندابوو كەوا لە نێو ئاگردا بوو، جا ئەویش ئەوەندەی بۆ پێكرابوو كە زۆر بۆی بگرێی و بۆی بپاڕێتەوە. ئەمە تەنیا نموونەیەكە ئەگینا گەر بێت و ئەو جۆرە بەسەرهاتانە بهێنین ئەوە زۆر درێژەی ئەكێشێ، مەبەست لێرە

---

[٤٥] ئەم زانایانە فەرموویانە: ئیمامی سعد الدینی تەفتازانی لە (شرح المقاصد)(ب٢_ل٢٠٣). ئیبن و حەجەری عەسقەلانی لە (الفتح الباري شرح صحيح البخاري)(ب٧_ل٣٨٣_ژ٤٠٨٧). وە ئیمامی حەڕەمەین لە (الإرشاد)(ل٢٦٧)، طبعة مؤسسة الكتب الثقافية. وە ئیبن و حەجەری هەیتەمی لە (الفتاوی الحديثية)(ل١٠٨). وە ئیمامی نەوەوی لە (شرح صحيح المسلم)(ب١١_ل١٠٨). وە ئیمامی عەلی قاری ئەفەرمووێت: "ئەوەی بە ڕووكەشی دیاربێ لە وتەی ئیمامی ئەعزەم ئەبو حەنیفە بۆ ئەو مەقامە ئەوەیە كەوا موافقە لەگەڵ ئەوەی كە زۆرینەی زانا بەرزەكان لەسەری ڕێككەوتوون لەسەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی كە دروستە ببنە موعجیزەیەك بۆ پێغەمبەرێك ئەوە دروستەو ئەكرێ ببێتە كەڕامەتێك بۆ وەلیەك و هیچ جیاوازییەكی لە نێوانیاندا نیە تەنیا ڕكابەرێتی نەبێت (واتە: تەحەددای پێغەمبەرێتی نەكات). بڕوانە: (شرح فقه الاكبر)(ل١٣١) طبعة دار الكتب العلمية.

ئەوەیە. خودا لە زاتی خۆیدا ڕاستگۆیە، پەیامبەرەکەشی هەر ڕاستگۆیە، وە کەسێکیش بووبێتە وەلی خوا بێگومان ڕاستگۆیە.

دەرەنجام: سزای گۆڕ لە ڕووی عەقڵی و شەرعی و دڵەوە سەلمێنرا کەوا بوونی هەیەو حەقە، هەر بۆیەش ئینکاری کردنی ئەوە ئەو کەسە ئەهلی بیدعەیەو لە ڕێبازی سەلەف و خەلەف لایداوە.

(خودایە ئەم ریسالەیە بکە چرایەك بۆ ڕێنیشاندانی بەندەکانت، وە ببێتە پاداشتێکی نەبڕاوەش لە ڕۆژی دوایی، هەزار صەڵات و سەلامیش لەسەر سەروەمان و تاجی سەرمان، وە لەسەر ئال و یارو یاوەران و شوێنکەوتووانی).

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.

**باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان**

**هەولێر ٢٠٢٠/٨/١٢**